هاولاتی

کوردستان دەبێ لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا سەرکەوێت

نووسینی: دکتۆر صلاح عزیز
وەرگێڕانی: ئەیاد خالد

ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بۆ هەڵبژاردنی چوارەد ئەنجومەنی پارێزگا لە عێراق لە 31 کانوونی دووەمی 2009دا، ئەزموونێك بوو لە دیموکراسیەتێکی سەرکەوتوو بەهۆی زۆری ژمارەی گروپی سیاسیو تاکەکانی بەشداربوو لە پرۆسەکە، هەروەها ئەو کەشو هەوایە ئارامەشی کە پرۆسەکەی تیادا ئەنجامدرا. بەپێی زانیارییەکانی بڵاوکراوە لەلایەن کۆمسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان، 14800 کاندید کە نوێنەرایەتی گروپی جیاوازیان دەکرد رکابەرییان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی 440 کورسی ئەنجومەنی پارێزگاکان. هەڵبژاردنەکانی عێراق بەشداریو 401 ئامادەبوونێکی جەماوەری تا رادەیەك کەم بەڵام سەرنجراکێشی بەخۆیەوە بینی کە رێژەی بەشداریکردن 51% بوو. بەشێوەیەکی گشتی، سەرەڕای هەبوونی کۆسپو تەگەرەی لاوەکیش، کەچی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان سەرەتای سەرهەڵدانی سیستمێکی دیموکراسی راستەقینەبوو لە عێراق.

گەر دیموکراسی لە عێراق چەمکێکی نوێ بێت، ئەوا لە کوردستان نوێ نییە. چونکە ئەو چەمکە لەماوەی شەست ساڵی رابردوودا دروشمی پارتە سیاسییە کوردییەکان بووە. هەروەها لە ساڵی 1992دا کوردستان دەستپێشخەر بوو لە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن، کە نوێنەریان بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان هەڵبژارد. لەگەڵ ئەوەش، سەرەڕای پێشینەیەکی دوورو درێژو سەرکەوتنی پێشوەختە، گەلێ لە رووداوە ناوخۆییو دەرەکییەکان بوونەهۆی خاوکردنەوەی پێشڤەچوونی دیموکراسی لە کوردستاندا. سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکانی ئەو دواییەی عێراقیش ئەرکەکەی لەبەردەم کوردەکان قورسترکرد، بەوەی پێشبینیو داوای زۆرتر دەکرێت لە کورد بۆ نوێکردنەوەی ئیلتیزاماتەکانی سەبارەت بە بەردەوامبوون لە رۆڵگێران وەکو پێشڕەوو چاوساغ لە ناوچەکە بۆ پەیرەویکردنی دیموکراسیەت.

هەریەك لە حکومەتی هەرێمی کوردستانو پەرلەمانی کوردستانیش پێویستە ڕێوشوێنی تووندو یەکلاکەرەوە بگرنە بەر پێشو لەکاتی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لە کوردستان، بۆ بەجێگەیاندنی ئەو بەڵێنانەی کە بە خەڵکی کوردستانیان دابوو هەروەها پارێزگاریکردنیش لەو رێزلێگرتنو پەسەندییەی کە لە ناوچەکەو ناستی نێودەوڵەتیش بەدەستهاتووە. بۆ گەیشتن بەمەش، حکومەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستان دەتوانن هانی خەڵکی بدەن بۆ دەنگدانو بەشداری کردن لە پرۆسەکە، ئاسانکاری بکەن لە ڕێوشوێنی تۆمارکردنی گروپە سیاسییەکانو کەسایەتیەکانیش بۆ رکابەری کردن لە هەڵبژاردنەکاندا، شەفافیەتێکی زۆرتر لە پاراستنی سندوقەکانی دەنگدانو لەکاتی ئەژمارکردنی دەنگەکان، هەروەها قبوڵکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە بێ مشتومڕ.

خەڵکی کوردستان بەهۆی ئەزموونیان وەکو یەکەم نەتەوەی پەیرەوکار لە دیموکراسیەت لە عێراقداو هەروەها شانازی کردنیشیان بە نەتەوەکەیان، لە ساڵی 2005دا بە رێژەی زیاتر لە 80% بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کرد لە سەرتاسەری عێراقدا، بە هیوای هاتنە پێشی قۆناغێکی تازە لە دیموکراسیەتو نوێنەرایەتی کردنێکی راستەقینەش لەلایەن هەڵبژێردراوەکان. ئەنجامی ئەو بەشداریکردنە بە گوێرەی خەڵکی لە هەڵبژاردنەکاندا، لە بەرژەوەندی پارتە کوردییەکان شکایەوە کە تواییان 57 کورسی لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی بەدەستبێنن. لەگەڵ ئەوەش، خەڵکی تووشی ئائومێدی بوون بەهۆی نەهاتنە دی پێشبینیەکانیان لە دیموکراسیەتو گۆڕان، هەروەها هاتنەدی بڕێکی زۆر کەمتر لەوەی کە پێیانوابوو لەو قۆناغە نوێیەدا دەتوانرێ بەدەست بهێنرێت. بەداخەوە، لە چەند ساڵی رابردوودا گەندەڵیو دەستێوەردانی حیزبی لە دامەزراوە حکومیەکاندا دیاردەیەکی زەقو دیاربوو. بێ ئومێدیو نەبوونی دەرفەتی دەنگدانیش دوو دیاردەی تری بەرچاون لە سەرتاسەری کوردستاندا، بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێت ژمارەیەکی کەمی خەڵکی لەو هەرێمە بەشداری هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بکەن. گەر ئەو پێشبینیەش بێتەدی ئەوا کوردستان دەدۆڕێنێ. بۆیە، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستبەجێ دەستبکات بە هاندانی خەڵکی کەوا نوێنەرایەتیان دەکەن بۆ بەردەوامبوون لە گێرانی ئەو رۆڵە گرنگەیان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا. باشترین رێگا چارەش بۆ ئەنجامدانی ئەوە، بریتییە لە رێگەدان بە هەڵبرینی زیاتر لە دەنگێکو بۆچوونێك، لەڕێی بە تواناکردنی گروپی سیاسیو کەسایەتی زیاتر لە کوردستان بۆئەوەی ئامادەبن بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانو پەرلەمانیش بکەن.

کۆمسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردنەکان، بەرزترین کۆمسیۆنە لە عێراق بۆیە دەبێ نووسینگە هەرێمیەکەی ئەو کۆمسیۆنە پەیرەوی لەو یاساو رێنماییانە بکات کە لەلایەن کۆمسیۆنەکەوە دەردەچن. چونکە لە رێکخستن و ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەو دواییە، پشتی بە چەند یاسایەك بەست کە لە ساڵی 2008دا دەرکران، بە یاسای ژمارە 5 لە 2008یشەوە. کە تایبەتە بە تۆمارکردنی کیانە سیاسییە تازەکان. بۆ تۆمارکردنی کیانێکی سیاسی تازەش، ئیمزای 500 کەسی عێراقی پێویست دەبێت بۆ پشتگیری کردنی ئەو کیانە سیاسیە نوێیە، لەگەڵ دانانی

دینارى عێراقى. لە کوردستانیشدا ئەو سیاسەتە بە شێوەیەکى بەرچاو ریزپەڕ کراوە، بۆیە دەبێ حکومەتى هەرێمى کوردستان تا زووە 5.000.000 مەرجەکان کەمبکاتەوە (بۆ هەڵبژاردنەکانى تایبەت بە ئەنجومەنى پارێزگاکانو پەرلەمانیش) و کارەکانى تۆمارکردنیش ئاسانتر بکات لەبەردەم گروپە سیاسیە تازە پێکهێنراوەکانو کەسایەتیەکانیش، چونکە سستبوونى کەشو هەواى سیاسى دەبێتە هۆى دامرکاندنەوەو وەستاندنى پێشڤەچوونى دیموکراسیو گۆڕانکارى باشترى ڕەوشەکەش. ئەوەش نەدەبێتە هۆى گەشەسەندنى سیستمى دیموکراسى لە کوردستانو نە دەشبێتە هۆى ڕاکێشانى سەرنجى خەڵکى بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکەدا.

لەسەر ئەو بنەمایە پێویستە حکومەتى هەرێمى کوردستان دەست بکات بە ڕێکارىەکانى پەیوەست بە پاراستنى شەفافیەتو بێلایەنى لە هەڵبژاردنەکانى کە دێنە پێشێ. هەربۆیە، پێویستە حکومەتى هەرێمى کوردستان لەگەڵ پارتە سیاسییەکان، یەکێتیو سەندیکا پیشەییەکان، کەسایەتیو گروپى سیاسى تازە پێکهاتوو، دەزگاکانى ڕاگەیاندنو ڕێکخراوەکانى کۆمەڵگەى مەدەنى هاوکارى بکاتو بەشداریپێبکات لە پرۆسەو ڕێو شوێنى تایبەت بە ئامادەکارى بۆ هەڵبژاردنەکان. لەسەریشى پێویستە سزاى هەر هێزێكو لایەنێك بدات گەر هەوڵیدا هەڕەشە لە کیانە سیاسیەکانو خەڵکیش بکات بۆ ئەوەى بەشدارى نەکەن لە هەڵبژاردنەکان یان بۆ ئەوەى پاڵپشتى لە گروپێکى دیاریکراو بکەن. لەوەش زیاتر، پێویستە حکومەتى هەرێمى کوردستان سوود لە ئەزموونى هەڵبژاردنەکانى ئەنجومەنەکانى پارێزگاکانى عێراقى کە لە کانوونى دووەمدا ئەنجامدرا ببینێت، بەتایبەتیش لە بوارەکانى پارێزگارى کردنو چاودێریکردنى خەڵکىو سندوقەکانى دەنگدانیش، ڕێگەخۆشکردن لەبەردەم گشت دەزگاکانى ڕاگەیاندنیش لەمیانەى هەڵبژاردنەکاندا، هەروەها ڕێگەدان بە ڕێکخراوەکانى کۆمەڵگەى مەدەنى لە وشیارکردنەوەى دەنگدەرانو چاودێریکردنى پرۆسەکەش. گرتنەبەرى ئەو جۆرە ڕێوشوێنانەش دەبێتە هۆى دووبارە گێڕانەوەى متمانە بۆ حکومەتى هەرێمى کوردستان لە پابەندبوونى بە ئەنجامدانى هەڵبژاردنێکى ئازادو دادپەروەر.

ڕێزگرتنى ئەنجامى هەڵبژاردنەکانیش یەکێکە لە سەرەکیترین چەمکەکانى هەڵبژاردنى دیموکراسیانەى ئازادو دادپەروەرانە. سەرەڕاى دیاربوونى ئەنجامێکى پێشوەختەى هەڵبژاردنەکان، بەوەى حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە کوردستان زۆرینەى دەنگى دەنگدەرەکان بەدەستدێنن، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە ئەو پارتە سیاسیە دەسەڵاتدارانە قبوڵى ئەوە بکەن کە ڕەنگبێ هەڵبژاردنەکانى داهاتوو پارتى سیاسى تر بێنێتە مەیدانى ڕکابەرىى لەسەر حوکم. بەپێى ئەزموونى وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان لە ئاسیاو ئەفریقیاش، پارت یان پارتەکانى کە دەسەڵاتیان لەدەستە، بەگشتى ئەوکاتە ئەنجامى هەڵبژاردنەکان قبوڵ دەکەن گەر بێتو خۆیان سەرکەوتن بەدەستبێنن. سەرەڕاى هەموو ئەوانەش، دیموکراسیەت بریتییە لە بەهێزکردنى ویستو ئیرادەى خەڵکى، ئەوەك ئەوانەى لە دەسەڵاتدان. سیستمێکى دیموکراسى مانابەخش نایەتە دى گەر بێتو حکومەت خزمەتى گەلەکەى نەکاتو بەرژەوەندى خەڵکەکەشى نەپارێزێت. من پێشبینى ئەوە دەکەم کەوا حکومەتى هەرێمى کوردستان دەبێتە مۆدێلێكو نموونەیەك لەسەر گۆڕانێکى ئەرمو نیانو ئاشتیخوازانەى دەسەڵات، گەر خەڵکى بڕیاریان لەسەردا.

سەرەڕاى دۆستەکانمان لە ئەورووپاو وڵاتە یەکگرتووەکانى ئەمریکا، مێژووش دەبێتە شایەتحاڵ، کە تا چەند کاربەدەستانى کوردستان گەشەیان بە دیموکراسیەت داوە لەڕێى هەڵبژاردنى ئازادو دادپەروەرانەو ڕێزیشیان لە ویستى خەڵکى کوردستان گرتووە. لە هەڵبژاردنەکانى ئەو دواییەى عێراقدا، سەرۆك وەزیرانى عێراقى (نورى مالیکى) پیرۆزبایىو دەستخۆشى زۆرى پێگەیشت لەلایەن سەرۆکەکانى جیهانەوە، بەهۆى ئەنجامدانى هەڵبژاردنێکى هێمنو سەرکەوتوو. ئێستاش چاوەکان هەموویان لەسەر کوردستانن، بۆئەوەى ببینرێ ئاخۆ کوردستان بەهەمان شێوەى عێراق سەرکەوتوو دەبێت یان لەوێش باشتر دەبێت.

Tuesday, February 10, 2009

Print page